# چەند دیاردەیەكی ناشەرعی لە مانگی رەمەزاندا



د، عومەرمەلا حەسەن مرۆ*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار، درووود لەسەر گیانی پاكی پێغەمبەر و یار و هاوەڵانی.

بەر لە هاتنی مانگی رەمەزان دەگوترێ: دەی با خۆمان بۆ پێشوازی ئەم میوانە پڕ لە خێر و بەرەكەتە ئامادە بكەین، هەندێك كەس وا ئەزانێ لە جیاتی خۆ ئامادەكردنی دەروونی پێویستە خۆراكی تایبەت ئامادە بكرێ، دەست دەكەن بە كڕینی خۆراك و دروستكردنی قەڵەبالغی بازاڕ. لە كاتێكدا ئەم میوانە بەڕێزە داواكارە نەفسەكان خۆیان دوور بگرن لە خواردن و خواردنەوەی زۆر، هەندێك خێزان ڕۆژانە لە ماڵەوە (٥) كەس بن، بێ گومان خواردنی (١٠) كەس ئامادە دەكەن.ئەم زێدە ڕەوییەی لەم مانگە هەستی پێ دەكرێ نا حاڵیبونە لە (فلسفە) و واتای ڕۆژوگرتن، چونكە ڕۆژوگرتن بۆ زاڵ بوونە بەسەر نەفس و سەبر گرتنە، ڕۆژو نیوەی سەبرە، سەبریش نیوەی باوەڕە.

خوای گورە حیكمەتی ڕۆژو گرتنی لە هەمان ئایەتی فەرزكردنی ڕۆژودا ڕوونكردوەتەوە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)) (البقرة: ١٨٣).

مانگی ڕۆژو نازناو دەكرێ بە پێی دەقە پیرۆزەكان، كە مانگی خۆ پاراستنە لە تاوان و مانگی چاكە و بەزەیی و ئاوڕدانەوە لە هەژاران و كەم دەرامەتەكانە، هەروەك لە كۆتایی ئایەتەكە ئاماژەی پێكراوە.

یەكێك لەم تاوانانەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) باسیان كردوە و خەڵكیان لێ ئاگادار كردوە دیاردەی (اسراف و تبذير) ە.

ئیسراف واتە: دەستبڵاوی لە كڕین و خواردن و خواردنەوە لە شتە حەڵاڵەكان زیاد لە پێویست، ئەمە قورئان (نهی) لێكردوە، ڕەتیكردوەتەوە، فەرموویەتی: ((وكلوا واشربوا ولاتسرفوا)). (الاعراف:٣١) گوتراوە : زانستی پزیشكی لەو ئایەتەدا كۆكراوەتەوە.

(تبذير)، بە پێی قورئانی پیرۆز، زۆر تاوانی زیاترە لە (ئیسراف)، پێ دەچێ كاری باوەڕداران نەبی كاتێك سامانی خۆیان خەرج دەكەن لە تاوان و شتی ڕێگە پێنەدراو وەك خواردنەوەی مەی و مادده هۆشبەرەكان و جگەرەو نێرگلە و شتە زیان بەخشەكان، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی ((وَلَا تُبَذِّرْ تَبْذِيراً * إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ)) (الاسراء: ٢٦-٢٧).

پێغەمبەرمان (د.خ) بەر لە ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی و برایانی پزیشك و پسپۆڕانی خۆراك، ڕێنمایی كردووین چۆن هەڵسوكەوت بكەین لە خواردن و خواردنەوە، لەمبارەوە فەرموویەتی: (( ما ملأ ادمي وعاءَ شراً من بطن ,بحسب ابن ادم أكلات يقمن صلبه ,فاءذا كان لا محالة فثلث لطعامه وثلث لشرابه وثلث لنفسه)) (رواه ابن ماجه)،واتە : خراپترین شت ئەوەیە مرۆڤ زێدەڕەویی لە خواردندا بكا، چونكە ئەوەندەی بەسە كە پێویستیەتی، ئەگەر نا پێویستە گەدەی بكا بە سێ بەش: بەشێك بۆ خۆراك، بەشێك بۆ خواردنەوە، بەشێك بەتاڵ بۆ هەناسەدان. پێغەمبەرمان (د.خ) قبوڵی نەكردوە زێدەڕەوی




بکرێ لە هیچ شتێك تەنانەت لە خوا پەرستنیشدا.
ئە م فەرموودەیـەی خوارەوە، شـتێکی گرنگمان بۆ دەردەخا:
(أن رسول الله صلى الله عليه وسلم ـ مر بسعد وهو يتوضأ، فقال: ما هذا السرف؟ فقـال: أفي الوضوء اسراف؟ قال: نعم، وان كنت على نهرٍ جار) (ابن ماجه ,كتاب الطهارة) .
واتای حەدیثەکە:
پێغەمبەر (د.خ) دیتی (سعد) دەستنوێژ دەگرێ، بەڵام زیاد لـە پێویست ئـاو دەڕژێنـی، پێغەمبـەر پێـی فەرمـوو: ئەمە چیـە؟ ئەمـە کارێکـی نابەجێیە. چونکە وشـەی (السـرف): واتـە نەزانیـن و بـێ ئاگایی،(سـعد) لە وەڵامـدا گوتی: بۆ دەستنوێژ گرتن ئیسرافی هەیە؟ پێغەمبەر فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر لەسـەر ڕوباری ئاو بی نابێ زیاتر لە پێویست ئاو بە کاربێنی .
خـوای پـەروەردگار لـە قورئانـی پیـرۆزدا، پێناسـەی (عباد الرحمـن) دەکا، واتـە: بەندەکانـی خوای دلۆڤـان و میهرەبان، کەسانێکن کۆمەڵێك خەسڵەتیان هەیە، یەکێك لە خەسڵەتەکان: ئەمەیە کە نە دەست بڵاون، نە کە سی قرچۆك و ڕەزیلن، بەڵکو مام ناوەندن لە خەرج کردنی ماڵ و سامانیان، لەم بارەوە فەرموویەتی: ((والذين اذا أنفقوا لم يسرفوا ولم يقتروا وكان بين ذلك قواماً)) . (الفرقان:٦٧).
دیـارە چـۆن دەسـتبڵاوی لـە خـواردن و خواردنـەوە ڕەتکراوەیە لە روانگەی دینەوە، پیشـاندانی سفرە و خوانی ڕازاوە بە جۆرەها خواردن و خواردنەوە بە هەر شێوازێك وەك ئەمەی لە هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی پیشـان دەدرێ کارێکـی ناڕەوایـە، چونکە چەندەها منـاڵ و خەڵکـی هەژار دەیبینی و دەسـتی پێناگا، ئەرکـی مامۆسـتایانی ئاینی و لایەنی بەرپرسـیارو ڕێکخراوەکانە قسەی لەسەر بکەن، پێغەمبەرمان (د.خ)،ئامـۆژگاری هاوەڵێکـی خـۆی دەکا دەفەرمووێ: (اذا طبخت مرقةَ فأكثر ماءها وتعاهد جيرانك)،.(رواە: مسلم).
واتە: ئەگەر گۆشتاوت کوڵاند، ئاوی زیادی تێکە بۆ ئەوەی بەشی دراوسێکانی لێ بدەی .
جێگـەی داخـە زۆر دیـاردەی ناشـەرعی لـەم مانگـە پیـرۆزەدا دەبینـرێ، زۆر لـە پیـاوەکان لـە مانگـی رەمـەزانـدا هاریـکاری هاوسـەرەکانیان نین، ئەرکی خوشـکان سـەرەڕای بـە رۆژوبوونیان ئامادەکردنـی خواردنە دواتریـش قـاپ شوشـتن و ئەرکی ماڵ و منداڵـە، لەکاتێك هەندێـك پیـاو یـان نوسـتون یـان بـە تەماشـاکردنی زنجیـرە دراماکانی تەلەفزیۆن خەریکن.
مانگـی رەمـەزان خولێکـی ساڵانەی بەهێز کردنـی باوەڕو هەسـتی مرۆڤایەتی و هاریکاری و تەواو کردنی روکنێکی ئیسـلام و بـە هاناهاتنـی هـەژارو لـێ قوماوانە، نـەوەك بە فیرۆدانی ماڵ و سامان و تەمبەڵی.
هەندێـك هەنـگاو پێویسـتە بـۆ چارەسـەری ئـەم دیاردانەی باسیان کرا کە بریتین لەمانەی خوارەوە:
١-دەبی بزانین مەبەسـت لە بەرۆژو بوون پاك بوونی دەروون و سـامان و کۆمەڵگایـە، وە راهێنانـی نەفسـە لەسـەر خـۆ راگری.
٢- ئـەم مانگـە بـۆ کێبڕکێـی رازاندنەوەی سـفرەو خوانەکان نییـە بـە جۆرەهـا خـواردن و شـیرنەمەنی، لـە کاتێك خەڵکانێك بێ بەشن لێی.
٣- بەخۆ داچوونەوەو چاودێری کردنی نەفس.
٤- پابەندبوون بە رەوشتی پێغەمبەرمان.
٥- ئامۆژگاریکردنی ئەو کەسـانەی دەستیان بڵاوە.
٦- هەوڵـدان بـۆ بە دەسـت هێنانی رەزامەندی خوا.
٧- پێویسـتە بزانیـن ئیسـراف تاوانـە، سـزای دنیـاو قیامەتـی لەسـەرە، لـە دنیادا پێویسـتە کەسـانی کەمتەرخـەم و نـەزان لـە بـە فیرۆدانـی سـامان ڕێگەیان پێ نەدرێ (حجر) یان لەسەر دابنرێ.
خـوای گـەورە بمـان خاتـە سـەر ڕێگای راسـت و دروست، پێشمەرگە قارەمانەکانمـان بپارێـزی و سـەریان بخا بەسـەر ناحەزو دوژمنانی کوردو کوردستان و رۆژومان قبوڵبکا.

*** وتار خوێنی مزگەوتی رشاد مفتی**

# تەختە سووتاوەکەی باوکم

ئازاد ئەرگوشی

باوکم پیاوێکی مەیباز و مێباز بوو . ئەوەندەی لە بیرمە قەت نەمبینیبوو باوکم بە قسەی خۆش لەگەڵ دایکم قسەبکات. زۆر جار شایەتی سووکایەتی پێکردن و زەبرو زەنگی باوکم بوومە لە دژی دایکم، سەیرەکەش لەوەدابوو، کە قەت نەمبینی ڕۆژێك لە ڕۆژان دایکم گلەیی و گازندە لە باوکم بکات! هەر ئەوەندە کە باوکم دەڕۆیشتە دەرەوە، خێرا لە شوێنی خۆی هەڵدەستا و دەستی دەکرد بە ئەنجامدانی کاروباری ڕۆژانەی ناوماڵ. ئەگەر لە کاتی بە شەڕهاتنیان لە ماڵەوە بوومایە، یەکەم شت کە دایکم دەیکرد ئەوەبوو کە یەك ڕاست دەهاتە لای من و هەوڵی دەدا بە جۆرێ تێمبگەیێنێت کە شەڕی نێوان ئەو وباوکم خەتای ئەوە، ئەو باوکمی تووڕە کردووە، باوکیشم کە تووڕە دەبوو ئاگای لە خۆی نەدەما، قایشی پشتی دەردەهێناو دەکەوتە گیانی دایکم، جارێکیان نەمتوانی دان بە خۆمدابگرم، ڕۆیشتم پاڵێکم بە باوکمەوە نا و خۆم خستە نێوان ئەو و دایکم، هەڕەشەم لێ کرد، گوتم:ئەگەر واز نەهێنی ناچار دەبم...، باوکم بە چاوی سوورهەڵگەڕاوە دەرپەڕیوی بە نەفرەتەوە تەماشایەکی کردم، دایکم لە پشتەوە دەستی گرتم زللەکی خێواندە پەناگوێم و گوتی:دوا جارت بێ لە رووی باوکت دەست بەرز بکەیتەوە، هەرچیەك بێت باوکتە. باوکە بە بینیی ئەم هەڵوێستەی دایکم هێور بووەوە، زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتە سەر لێوی، فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس مابوون، بە هێمنی ڕۆیشتە دەرەوە. لە کاتی ڕۆیشتنی دیاربوو فرمێسکەکانی دەیسڕییەوە، ئەو کات زۆر سکم پێ سووتا، دایکم گوتی:پیاوێکی بەدبەختە بەڵام دڵی پاکە، من لە تۆ باشتر دەیناسم. دایکم بە چاوەکانی پڕ لە فرمێسکی باوکمی بەڕێکرد و منی بردە ژوورەوە. بەردەوام دووبارەی دەکردەوە «دواجارت بێ شتی وابکەیت، هەر چییێك بێت ئەو باوکتە، نابێ بێڕێزی لەگەڵدا بکەیت، تێگەیشتی کوڕم؟» زۆرجار باوکم درەنگانی شەو بە سەرخۆشی دەگەڕایە ماڵەوە، دایکم بەبێ ئەوەی خۆی تێك بدات یا ناڕەزایەتی دەربېڕێت یارمەتی باوکمی دەدا و دەیبردە ژوورەکەی، تەنانەت جلوبەرگیشی بۆ دەگۆڕی. هەمیشە لە خۆم دەپرسی باشە دایکم چۆن بەرگەی ئەم ژیانە دەگرێ. ئەو ڕۆژەی کە باوکم مرد خراپترین ڕۆژی ژیانم بوو. باوکم مرد، ئەویش چ مردنێك، لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە سەرخۆش بوو، بە سەر کەوتبووە ناو زێرابێکەوە. شەو تا بەیانی لە ناو زێرابەکەدا مابۆوە، دایکم تابەیانی چاوی نەچوبووە سەرێك و چاوەڕێی گەڕانەوەی باوکمی دەکرد. بەیانی یەکێك لە دەرگایدا، دایکم سەراسیمە خۆی گەیاندە دەرگا، یەکێك لە دراوسێیەکانمان بوو، کە هەواڵی مردنی باوکمی بۆ هێنایین. هەر وەکو گوتم شێوەی مردنی باوکیشم وەکو ژیانی پڕ بوو لە شەرمەزاری، مردنەکەشی لە زێرابەوە بوو. گەرچی مردنی باوکم بۆ دایکم کارەساتێکی گەورەبوو، بەڵام هەستم کرد، لە نێوان دەرو دراوسێ و خزم و کەس و کارەکانمدا ڕووداوێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو، بگرە هەبوو کە دەیگوت باش بوو لە کۆڵیان بووەوە. تەنیا کەسێك کە لە قووڵایی دڵەوە بۆ باوکم دەگریا دایکم بوو. منیش دەگریام بەڵام گریانی من زیاتر لەبەر فرمێسکەکانی دایکم بوو، کە بۆ پیاوێك دەگریا، تا مرد نەمبینی ڕۆژێك لە ڕۆژان وەك مرۆڤ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات. لەگەڵ ئەمەشدا دایکم هەرگیز وەکو باوکم سنوورەکانی نەبەزاند هەمیشە وەڵامی دایکم لە بەرامبەر ئەو هەموو سووکایەتی و بێڕێزیەی باوکم بێجگە لە خزمەت کردن هیچی تر نەبووە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك بە سەر کۆچی دوایی باوکم، یەکەم شت کە بە مێشکمدا هات ئەوەبوو کە بڕیارمدا دەستێك بە ناوەوەی ماڵەکەماندا بێنم، کاتێ سەبارەت بە بڕیارەکەم لەگەڵ دایکم قسەم کرد، سەرەتا بە گومانەوە تەماشایەکی کردم، پاشان گوتی: خۆ من بێجگە لە تۆ کەسی ترم نییە، تۆ تەنیا یادگاری باوکتی کە بۆم بەجێماوی، هەرچۆنێك ئارەزووتە وابکە. کە بینیم دایکم بە بڕیارەکەم قایلە پێم گوت:وابزانم پێویستیمان بە دوو هەفتەیە بۆ نووژەنکردنەوەی خانووەکە، ئەم ماوەیە لە ماڵی خاڵم دەمێنینەوە تا وادەکەی دووهەفتەکە تەواو دەبێت. دایکم گوتی:باشە کوڕم چۆنت پێ باشە وابکە. پێشبینییەکەم ڕاست دەرچوو نووژەنکردنەوەی خانووەکە دوو هەفتەکە پێچوو. هەوڵمدا هەموو ئەو کەلوپەلانەی بۆنی کۆنی و رابردوویان لێدەهات بە نرخێکی زۆرکەم بفرۆشتم، دەمویست ماڵەوەمان لە پاشماوەی ئەو شتانە پاك بکەمەوە کە دەبوونە هۆی ئازاردانی دایکم. بەتایبەتی ژووری نووستنەکەی لە پەردەکانی بگرە تا دەگاتە تەختەکۆنەکەی نووستنیان، هەمووم نوێکردنەوە، سێتێکی نوێی نووستنم بۆ ژووری دایکم دابین کرد. شەوی یەکەم کە گەڕاینەوە ماڵەوە دایکم بە بینینی ناوماڵەکە سەری سوڕما و گوتی: کوڕم دەڵێن ئەم ماڵە سەر لە نوێ دروست کراوەتەوە.





کاتێ چووە ژوورەکەی خۆی، بە چاوی فرمێسکاوی گەڕایەوە، منی لە باوەش گرت و گوتی:چیت کردووە کوڕم، ئەوەندەی نەدەویست. گوتم:دایەگیان، گرنگ ئەوەیە تۆ ئاسوودەبیت، من لەپێناوی ئاسوودەیی تۆ ئەوەی پێم بکرێت بۆت دەکەم، من خزمەتکاری تۆم دایە، تۆڵەی باوکیشم بۆت دەکەمەوە. ئەگەر باوکم کەمتەرخەم بووە بەرامبەر بە تۆ، ئەوە کوڕەکەی وەکو خزمەتکارێك لە خزمەتدایە. دایکم دەستی بە دەممەوەناو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:تۆ خزمەتکار نیت، تۆ یادگاری باوکتی. دووبارە منی لە باوەش گرت و دەستی بە گریان کرد.

ئەو شەو بۆم دەرکەوت کە دایکم قەت پێی خۆش نییە بە خراپە باسی باوکم بکەم، چونکە وا هەستم کرد خۆشەویستی دایکم بۆ من، لەبەر ئەوەیە کە من کوڕی ئەو پیاوەم کە تەمەنێك لەگەڵیدا بە ئازارو ئەشکەنجە بەسەر بردووە. بە نەبوونی ئەو لەماڵەوە دایکم هەست بە بۆشاییێکی گەورە دەکات. ئەو شەوە کاتێ لە دایکم جیابوومەوە دوای ئەوەی کە بەڵێنم لێ وەرگرت کە چیتر چاوەکانی فرمێسکاوی نەبینم، دایکم زەردەخەنەیکی تاڵی هاتە سەر لێوی و گوتی:تا تۆم هەبێت، خەمی هیچم نییە. لە چاوەکانی دایکم ڕامام، هەستم کرد، چاوەکانی لە ژوورەکەدا بە شوێن ون بووێکدا دەگەڕێن، بە حەسرەتەوە ژوورەکەی دەپشکنی. سەرەڕای نیگەرانی بۆ دایکم لە ژوورەکەی هاتمە دەرەوە، دووسێ جار لێم دووبارە کردەوە کە زوو بخەوێت. دڵم هەر لەلای دایکم بوو. ئەو شەوە تا بەیانی سێ چوار جار سەردانی دایکم کرد، بەڵام دایکم خەوی لێنەکەوتبوو، دواجار نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم بە هێمنی لێی چوومە ژوورەوە، پێم گوت: خێرە دایەگیان تا ئێستا نەخەوتووی؟ خۆ نەخۆش نیت؟ دایکم دوای کەمێك بێدەنگی گوتی:کوڕم تەختەکۆنەکەی من و باوکت لە کوێ داناوە، من لەسەر ئەم تەختە خەوم لێناکەوێت. گوتم:بۆ دایە گیان ئەم تەختە چ عەیبیتی؟ تەختەکۆنەکەی ئێوە هیچی بەسەرێکەوە نەمابوو، سووتاندم. دایکم لەوپەڕی بێدەنگی تەماشایەکی کردم و ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: بەڵام ئەو تەختەی کە تۆ باسی لێوەدەکەی، گوایە هیچی بەسەرێکەوە نەمابوو بۆنی باوکی تۆی لێدەهات. دایکم بەم قسەیە تێی گەیاندم کە چەند تەنیایە و من چەند لێی دوورم.

# تەکنەلۆژیا لە نێوان خزمەتکردنی ئەرێنی و پاڵنەرێکی نەرێنی بۆ پەرتەوازەکرنی تاکەکانی خێزان

**لە سەردەمی زانست و پێشکەوتن و تەکنەلۆژیادا، لە کاتێکدا تاکەکان شەڕی بڕوانامە و کارامەیی و لێهاتوویی و مەعریفە دەکەن، کەسانێکیش لەو دیوی بێ ئاگاییەوە بێئەوەی هیچ سوودێکی ئەرێنی لە تەکنەلۆژیا ببینن، ئالوودەی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی بوون و کاتە زێڕینەکانی ژیانیان بە هەدەر دەدەن، مافناسانیش فەیس بووک بە نموونە دەهێننەوە کە هەزاران پێوەندیی ماڵکاولکاری هێناوەتە بەرهەم و دەیان قەزییەی تەڵاق و تەشهیر و قەرەبووی هێناوەتە دادگاکانی هەرێمی کوردستان. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەش لە بارەی تەکنەلۆژیا لە نێوان خزمەتکردنی ئەرێنی و پاڵنەرێکی نەرێنی بۆ پەرتەوازەکرنی تاکەکانی خێزان را و سەرنجی خۆیان بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

سەرەتا چالاکی مافناس شوان سابیر، زانست و تەکنەلۆژی بە چەکێکی دووسەرە وەسف دەکات و رایوایە: «ئەو زانستە وابەستەی نییەتی بەکارهێنەرە و دەتوانێ هەم لایەنە باشەکەی بەکاربهێنێ و هەم بەپێچەوانەوە لایەنە خراپەکەی بەکار بهێنێ. بۆ نموونە دەرمان کە پێداویستییەکە مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری بێت، دەکرێ وەك ماددەیەکی کوشندە بۆ کوشتنی مرۆڤ بەکار بێت، چەك و قەتەمەنی کە لە بنەڕەتدا وەك بنەما بۆ داکۆکیکردن لە خۆ دروست کراوە، کەچی لە واقیعدا دەبینین ئامرازێکی لەناوبەری مرۆڤە و کار گەیشتۆتە ئەوەی چەکی بە کۆمەڵکوژ دروست بکرێت بە پەنجە پیانانێك دەتواندرێت ژیانی سەدان هەزار کەس بخرێتە مەترسیی مەرگەوە. واتە بەکارهێنانی رووە پۆزەتیڤەکەی تەکنەلۆژیا و زانست بەگشتی وابەستەی مەودای رۆشنبیریی تاکەکان و وابەستەی پەروەردەی دروستی دەزگاکانی تایبەت بە پەروەردە و هەروەها خێزان و کۆمەڵگەیە، وابەستەی هزری ئایینییە.» گوتیشی: «تەکنەلۆژیا وابەستەی جێگیری و ناجێگیری و ئارامی و نائارامی بارودۆخەکانە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی و رەهەندەکانی دیکەشەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیس بووك و تویتەر و دەیان جۆری دیکەی کەناڵە ئەلکترۆنییەکانیش بەدەرنین لەوەی باسمکرد، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە ناجێگرەکان کە دەکرێ ئێمەش وەك نموونەی ناجێگیری بارودۆخەکان باسی خۆمان بکەین. بۆیە دەبینین فەیس بووك هەزاران پێوەندی ماڵکاولکاری هێناوەتە بەرهەم، فەیس بووك دەیان قەزییەی تەڵاق و تەشهیر و قەرەبووی هێناوەتە دادگاکانی هەرێمی کوردستان، فەیس بووك دەیان حاڵەتی نەسب و ئیحتیالی داهێناوە، چ لە پێوەندییە سۆزدارییەکان و چ لە معاملاتی ماڵی، تا دەگاتە تاوانەکانی ئیبتزاز، واتە هەڕەشەلێکردن بە بڵاوکردنەوەی نامە، یا گرتەی ڤیدیۆیی، ئەگەر مەبلەغێك پارە، یا هەتا عیلاقەیەکی ناشەرعی لەگەڵی دروست نەکات، چەندین گرتەی ئابڕووبەری بەرپرسانیش لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا بڵاوکراوەتەوە. بۆیە من پێموایە پێش بڵاوبوونەوەی هەر خزمەتگوزارییەکی ئەلیکترۆنی دەبێ هەڵمەتێکی رۆشنبیرکردنەوەی ئەو خزمەتگوزارییە دەست پێ بکات، دەبێ یاسایەکی توند هەبێت بۆ پاراستنی بەکارهێنەرانی ئەو کەناڵانە، دەبێ ئاگاداری منداڵەکانمان بین، بەتایبەتی ئەوانەی لە قۆناغی نەوجەوانی هەرزەکاریدان، هەر چەندە مرۆڤی بەتەمەنیش کەوتۆتە بۆسەی ئەو کەسانەی فەیس بووك بۆ مەبەستی گڵاو بەکار دەهێنن. لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی هاککردن و خۆخزاندنە ناو دیوە تایبەتەکەی ژیانی خەڵك، گەورەترین گرفتی دروست کردووە بۆ خەڵك، لە کۆتاییشدا دروستکردنی بابەت و لکاندنی بە خەڵکەوە، ئەوەش موسیبەتێکی دیکەیە وەك دروستکردنی پەیج بە ناوی کچان و بە ناوی مەسئوولین و .. تاد.»

گەشەکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دیاردەیەکی شارستانییە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە بە دروستی سوودی لێوەر نەگرتووە، بۆیە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی تاک و گۆڕین لە فیکر و لە دابونەریت و بەتایبەتی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن هەیە، کە ئێستا بوونەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ زیان گەیاندن وئازاردانی بەرامبەر

رۆژنامەنووس و چالاکی مافەکانی ئافرەت زەینەب ئەرکەوازی، هێما بۆ ئەوە دەکات: «گەشەکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دیاردەیەکی شارستانییە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە بە دروستی سوودی لێوەر نەگرتووە، بۆیە پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی تاك هەیە و پێویستی بە گۆڕین لە فیکر و لە دابونەریت و بەتایبەتی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن هەیە، کە ئێستا بوونەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ زیان گەیاندن وئازاردانی بەرامبەر، تەنانەت خۆشەویستی و دڵداری لای هەندێ کەس بووەتە گاڵتە وکات بە سەربردن و کەسانێك هەن کە ژیانی خەڵك وێران دەکەن، زور بێ وێژدانانە سووکایەتی بە ئافرەت دەکەن.» گوتیشی: «بەداخەوە پیاوان هەمیشە لە میدیا و کۆڕ و سیمینارەکان قسە لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن، بەڵام ئەوانە تەنیا قسەکردنە و پلانی لە پشت نییە، بۆیە هیچ ئەنجامێکی نەبووە و ئەوەش مایەی نیگەرانییە کە ئەو دیاردەیە بەرەو زیادبوونە و ئێمەی ژنان زۆر لە مافمان فەوتاوە.

زەینەب ئەرکەوازی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەو «زۆر جار ئەو ئافرەتانەی کە کارمەندن، یان

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بەکارهێنانی رووە پۆزەتیڤەکەی تەکنەلۆژیا و زانست بەگشتی وابەستەی مەودای رۆشنبیریی تاکەکان و وابەستەی پەروەردەی دروستی دەزگاکانی تایبەت بە پەروەردە و هەروەها خێزان و کۆمەڵگەیە**

**تەکنەلۆژیا کێشەی نێوان ژن و مێردەکانیشی زیادکردووە و ئەگەر کەسی ئالوودە بوو بەخۆدا نەهاتبێتەوە، کێشەکەیان بە تەڵاق و جیابوونەوە کۆتایی پێ هاتووە**

لە ناو دەزگاکانی راگەیاندنەکان کاردەکەن، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بەناوبانگن، ئەگەر وێنەیەکیان بڵاوبکرێتەوە لە ناو گۆڤار، و رۆژنامەکاندا، تووشی توندوتیژی و تەشقەڵە و دەیان جۆری وەرەسکردن دەبن. گوتیشی: «من لێرە باسی کەسانێك دەکەم کە تەنیا حەز و ئارەزووەکان وغەریزە نائەخلاقییەکانیان بەرامبەر بە ژنان دەردەخەن، ئەو پەتایەش لەناو کۆمەڵگەدا دەبێ چارەسەر بکرێت وسزای قورس بەسەر سەرپێچیکاراندا بسەپێت. چونکە جاروایە کورێك ئیستغلالی کچێك دەکات بە وێنەیەکی بە مۆبایل، یان تۆمارکردنی دەنگی، ئەوە دەبێتە چەکێك بە دەست کورەکەوە، بەردەوام هەڕەشە لە کچە دەکات، کە ئەگەر بە گوێرەی حەزەکانی نەبێت، ئەم بەڵگەیە بەکاردەهێنێت، زۆر جار ئەم رەفتارە وای لە ئافرەتان کردووە، تووشی نەخۆشی دەروونی بن، چونکە ئەوە جۆرێکە لە ئەشکەنجەی دەروونی، تەنانەت تەکنەلۆژیا کێشەی نێوان ژن و مێردەکانیشی زیادکردووە و ئەگەر کەسی ئالوودە بوو بەخۆدا نەهاتبێتەوە، کێشەکەیان بە تەڵاق و جیابوونەوە کۆتایی پێ هاتووە. بەداخەوە ئێستا لە ناوخێزاندا ئەوندە ئالوودەی بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا بوون، پێوەندیی نێوان ئەندامانی خێزان پچڕاوە. لەناو خانەوادەدا جاریوا بووە لەسەر گومانێك خێزانێك هەڵوەشاوەتەوە و بڕیاری تەڵاق دراوە، تەنیا لەبەر ئەوەی لەوانەیە بە هەڵە مەسجێك هاتبێت. هەروەها پێوەندیی نێوان خزم و کەسوکار و ئەندامانی خێزان زۆر لاواز بووە، چونکە لەناو هەر خانەوادەیەکدا زۆربەی ئەندمانی خێزانەکە ئەوەندە خۆیان بە مۆبایل وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەشغوول کردووە، ئاگایان لەماڵەوە نییە و بەدواداچوون بۆ خواست و پەروەردەی دروستی منداڵەکانیان ناکەن، بۆ ئەوەی بزانن کێشەیان چییە، یان لە مەکتەب ئاستی زانستییان چۆنە و چۆن گرفتەکانیان چارەسەر دەکرێت.»

لەلای خۆیەوە کۆمەڵناس لەتیف حوسێن سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی: «لە ئێستادا کێشەی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی پێوەندی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە، کە نەك گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەڵکو ئاڵۆزبوونی کێشە سیاسی و حزبییەکانی ئەم وڵاتەشی زیاتر و خراپتر کردووە، هەر ئێستا سەیر بکەن، لە ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان بزانن تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیا چ بارێکی دەروونی ئاڵۆزی بۆ تاکەکانی ئەم هەرێمە خولقاندووە. خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی پێوەندی لەم وڵاتەدا بە جۆرێکە ئێمە یاسامان بۆی دەرکردووە، بەو مەبەستەی رێگری لێ بکرێت، کە بەداخەوە یاساش ناتوانێت بەری پێ بگرێت، چونکە لە سەرەتاوە بە خراپ دەستمان پێکردووە، چونکە زەمینەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی بەکارهێنان و سوودلێوەرگرتنی لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا لەبار نەبووە، هەر ئەمەیە وایکردووە کە زۆرترین کێشە و گرفتەکانی ئەم وڵاتەی ئێمە لە رێگەی تەکنەلۆژیاوەیەوە و دواجاریش لە رێگەی خراپ بەکارهێنانیەتی. نەبوونی هۆشیاری لە بەرامبەر سوود و زیانەکانی تەکنەلۆژیا و سەیرکردنی وەك ئامرازی تێکدەر و زۆر شتی نەشیاو وایکردووە تاکی خێزانی ئێمە زۆرترین زیانی بەربکەوێت، ئەگەر تەماشای وردەکاری ئاماری کێشە و گرفتە خێزانییەکان بکەین و لێکۆڵینەوەی تێدا بکەین، بۆمان روون دەبێتەوە، کە زۆربەیان لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنان و ئالوودەبوونمانە بە تەکنەلۆژیا، زۆربەمان بەم دەستکەوتەی عەولەمە و جیهانگیرییەوە نەخۆش کەوتووین و بەداخەوە تەنیا بە داوی ئامێرێکەوەین کە ناتوانێت ئێمە لەو تەنیاییە رزگار بکات. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین، لە ماڵێك و لە چوارچێوەی چواردیواردا بە بێ رۆح یەکتری ئەدوێنین، هەر ئەمەشە وایکردووە خێزان و هاوسەران و هەموو ئەوانی دیکە توانای بەرگەگرتن و رووبەڕووبوونەوەی یەکدیمان نەبێت.»



# ئافرەتێک:
# بەبێ هیچ تاوانێک تەڵاقی عاتیفی دراوم

**تەکنەلۆژیا وایکردووە، ئامێرەکانی پێوەندیکردن لەم سەردەمەدا سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات. لەبواری سیاسی، چۆن خوازیارانی دیموکراسی و لیبرالیزم، سوود لەو تەکنەلۆژیایە وەردەگرن و پڕوپاگەندەی جیهانی مەدەنی و بانگەشەی پلانی شارستانی و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بە هەمان مەودا و بگرە زیاتریش، تیرۆریستان بۆ پێکانی ئامانج و جێبەجێکردنی پیلانەکایان کەڵکیان لەو تەکنەلۆژیایە وەرگرتووە. بەڵام بە هۆی ئەوەی لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەسەرهاتەدا زیاتر خۆمان بە ناخی دیاردەی کۆمەڵایەتییەکاندا شۆڕدەکەینەوە، بۆیە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە ئێستادا ئامێر و ئامرازەکانی پێوەندیکردن تا چەند مەترسی بۆ سەر شێواندنی شیرازەی خێزانی دروست کردووە، بەتایبەت کە دەبینین تەنانەت بەشێك لە منداڵانیش خاوەنی مۆبایل و ئایپاد و لاپتۆپی خۆیانن، ئەمەش لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بە کۆمەڵگەی کوردییشەوە هەزاران کێشە و گرفتی دروست کردووە، هۆکارەکەشی بەپێی بۆچوونی شارەزایان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا لەسەر هەموارکردنی زەمینەی سوودوەرگرتنی ئەرێنی لەو ئامێرانە، کاری بەرچاو نەکراوە، بۆیە شاهیدی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتین کە هەندێکیان نەك هەر قەرەبووکردنەوەیان سەختە، بەڵکو مەحاڵیش بووە. ئافرەتێك کە خۆی بە قوربانی ئەو دۆخە دەزانێت، باسی نهێنییەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەکات.**

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرپۆشێکی بۆری بە سەردا داوە و کراسێکی قۆڵدرێژی ڕەنگ بەنەوشەی بەسەر پانتۆڵەکەیدا بەرداوەتەوە. باڵایەکی بەرز و جووتێ چاوی گەشی گەورە و گۆنایەکی خڕی داپۆشراو بە گۆشەی لەچکەکەی، لەگەڵ لێوە وشك هەڵاتووەکانی چاوەڕوانی بەربانگ دەکات، هەتا ڕۆژووەکەی بشکێنێ و سەرەڕای هەموو ئازارەکانی شوکرگوزاری خوای خۆی بکات. ئەوە دیمەنی بەسۆز-ی تەمەن ٣٨ سال بوو.

بەسۆز وەك خۆی باسیکرد، دایکی سێ منداڵە و یەکێك لە منداڵەکانی کچێکی پەککەوتەیە و تووشی شێواوی عەقڵی بووە، کە لە تەمەنی ١١ ساڵانیش ناچارە دایبی بۆ ببەستێ، چونکە نازانێت پاکوخاوێنی خۆی ڕابگرێت. سەبارەت بە ژیانی ڕابردوویشی گەلێك نهێنی لە هەگبەی خۆیدا شاردووەتەوە و ئامادە نییە باسی هەموویان بکات. بەڵام کاتێك دوای دەمەتەقەیەکی زۆر تێمانگەیاند کە وتەکانی بە ناوی خوازراو و بە بێ وێنە بڵاودەکرێنەوە و تەنیا مەبەست لەو بەسەرکردنەوەیە ئەوەیە کە بەسەرهاتەکان بۆ تاکی کۆمەڵگەی ئێمە بە هەردوو ڕەگەزەوە ببنە پەند و ئەزموونی لێ وەربگرن، ئامادە بوو بە ڕاشکاوی پەردە لە سەر نهێنییەکانی ژیانی لابدات و بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان کرد.


«من لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خاوەن موڵکم، مێردەکەشم خزمی خۆمانە و موڵکی زۆری هەیە و داهاتی زۆرە و دەیان دووکانی بە کرێ داوە و خاوەن باڵاخانە و شوقە و بازاڕە و کاری بازرگانیش دەکات. تەمەنم ١٧ ساڵ بوو، شووم پێکرد. تەمەنی ئەویش گونجاو بوو، ئەوکات ٢٥ ساڵی بوو. خوێندەواری کەمە و لە دواناوەندی وازی هێناوە و لە کارگەکانی باوکی کاری کردووە. خەزوورم بە ڕەحمەت بێ، پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، هەموو میراتەکەی بە وەسیەتی خۆی دابەش کرد و بەشێکی زۆی بەر مێردەکەم کەوت کە تەنیا کوڕی بووە و شەش خوشکی هەیە. ئێمە لە هیچمان کەم نەبووە، ٢١ ساڵە ژن و مێردین. دوو کوڕو و کچێکی سەقەتمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خزمان هیوای بە ژیانی ئێمە دەخواست، بەڵام لەوەتەی ئەم موبایل و ئینتەرنێت و شتانە هاتووە، مێردەکەم بە تەواوی گۆڕاوە. خۆی فێری ئەو شتانە کردووە، ئیتر بە تەواوی لە ماڵ و منداڵ دابڕاوە. کاتی بۆ ئێمە نییە. تاقەتی نییە بۆ چەند خولەکیش بووە، گوێمان لێ بگرێ، ناوێرین قسەیەك بکەین، دەڵێت: لە چیتان کەمە، خانوو، پارە، سەیارە، سەیران، هەموو شتتان هەیە. کوڕە گەورەکەم بیست ساڵی تەمەنە، قوتابی زانکۆیە و سەیارەی بۆ کڕیوە، هەموو کار و ئەرکی ماڵی لە سەر شانە. ئەو دەمانباتە سەیران و ئاگای لە برا سەقەتەکەیەتی و زۆر

■
**لەوەتەی ئەم موبایل و ئینتەرنێت و شتانە هاتووە، مێردەکەم بە تەواوی گۆڕاوە. خۆی فێری ئەو شتانە کردووە، ئیتر بە تەواوی لە ماڵ و منداڵ دابڕاوە**

■
**کوڕم قوتابی زانکۆیە، لە قۆناخی سەرەتایی تا ئێستا یەکجاریش باوکی سەردانی مەکتەبەکانی نەکردووە، بۆ ئەوەی بزانێت ئاستی چۆنە**

■
**دایکی سێ منداڵیم، هاوسەرەکەم حیسابی جیران و دراوسێم بۆ دەکات، دەڵێت ساقەسەری منداڵان ناوت لەسەر نفووسمە، دەنا تۆم لە دڵم سڕیوەتەوە**

■
**پرسی زۆر مامۆستا ئایینیم کردووە، هەموویان دەڵێن خوشکم خوت ڕابگرە و دوعای خێری بۆ بکە، تۆ دەمەدەمەی مەکە، با منداڵەکانت زیاتر قسەی لەگەڵ بکەن**



دڵی خوشکەکەی رادەگرێت. باوکی دەڵێت: کوڕم پیاوانەیە و پێویستتان بە من نییە. لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو دوو ژنی بەسەرمدا هێناوە، هەردووکیشیانی تەڵاق داوە. بەردەوام لە سەفەرە، لەم رۆژانەشدا، لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ئافرەتێکی دۆزیوەتەوە و بە راست و بە چەپ پارەی لی سەرف دەکات و بەڵێنیشی داوە بیخوازێت. هیچ حیسابێك بۆ ئێمە ناکات. زۆر جار لەگەڵ کوڕەکەم دەبێتە دەمەقاڵێیان، هەر نازانێت من ژنی ئەوماڵەم، دایکی سێ منداڵیم، هاوسەرەکەم حیسابی جیران و دراوسێم بۆ دەکات، دەڵێت: ساقەسەری منداڵان ناوت لەسەر نفووسمە، دەنا تۆم لە دڵم سڕیوەتەوە. بە بێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکم کردبێت، بەردەوام دەڵێت: من تەڵاقی شەرعیت نادەم، بەڵام تەڵاقی عاتیفیم داوی، عەتفت لام نەماوە. ئەوە چوارساڵە لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە بۆ ئەوەی هیدایەتی بدات، تەمەنی خەریکە لە پەنجا ساڵ تێدەپەڕێت، کەچی هەر دڵی لای سەفەر و سەیرانی وڵاتانە و رۆژ نییە، باسی ژن هێنان نەکات. منداڵەکانم زۆر خەم دەخۆن و هیچ چارەشمان نییە. باسی یەك شتی لەگەڵ بکەین، مێردەم دەڵێت ئەم ماڵە بۆ من دۆزەخە. تێیدا ناژیم. دەڕوات تا سێ چوار مانگ کەسمان نایبینین. چارەمان نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە دوعای بۆ دەکەین بەڵکو خوای گەورە و میهرەبان هیدایەتی بدات. زۆر جار پێی دەڵێم پیاوەکە، باشە خۆت گوتەنی ئەوە منت تەڵاقی عاتیفی داوە، ئەدی منداڵان تاوانیان چییە، بۆ ئاوڕێکیان لێ نادەیتەوە؟ کوڕم قوتابی زانکۆیە، لە قۆناخی سەرەتایی تا ئێستا یەکجاریش باوکی سەردانی مەکتەبەکانی نەکردووە، بۆ ئەوەی بزانێت ئاستی چۆنە. هیوادارم خوای گەورە عاقیبەت بەخێرمان بکات. پرسی زۆر مامۆستا ئایینیم کردووە، هەموویان دەڵێن خوشکم خوت رابگرە و دوعای خێری بۆ بکە، تۆ دەمەدەمەی مەکە، با منداڵەکانت زیاتر قسەی لەگەڵ بکەن. ئیتر نازانم شوکرین بە بەشی خوای گەورە.»

